# زەردەشت و ئایینی زەردەشتی

هەیاس کاکەیی

(١ - ٢)

ئایینی زەردەشتی ئایینێکی دێرینی کوردە، یەکتاپەرست و خاوەن کتێبە، ئایینێکە لە نێو جەرگی ئایینی میترائیییەوە دەرکەوتووە، وەک ئایینێکی نوێخواز و پەرەسەندوو هەروەک شەریف فلاح لە ل٢٣١دا دەڵێت (١): هەندێک دەڵێن زەردەشت لە تیرەیەک بووە کە پێشتر ئایینیان مهری بووە و ئێستاش زەردەشتییەکان هەندێک لە هێما و نیشانەکانی ئەو ئایینە یاد دەکەنەوەوە کە لە ئایینی میهرە. ئایینی زەردەشتی ناوچەکانی کوردستان و فارسی گرتووەتەوە و سنووریشی بەزاندووە و تا سەردەمی لەشکرکێشی عەرەب و ئیسلام بۆ ناوچەکە و لەناوبردنی دەوڵەتی ساسانی بەردەوام بووە، ئیتر ئەستێرەی ئایینی زەردەشتی بەرەو ئاوابوون چوو، هەرچەندە پاشماوەی لە ئێران و هیندستان ماوە و بە فەرمی مەراسیمی خۆیان دەکەن و لەپەرلەماندا بەشدارن، لە هیند ژمارەیەکی زۆریان هەن کە لەسەرەتای لەشکرکێشی عەرەب و ئیسلام ڕوویان کردە ئەوێ و لە باشووری کوردستان سەری هەڵداوەتەوە و ژمارەیەکی زۆریان بوونەتە زەردەشتی و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە زیاد بوونە و بە فەرمی لە کوردستانی باشوور دانیان پێدا نراوە و نوێنەریان هەیە و بارەگایان بە فەرمی لە سلێمانی و هەولێر هەیە. سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتی لە مێژوودا زۆر جیاوازی هەیە لە نێو نووسینەکانی نووسەران بە گشتی، بەڵکو هەندێ جار لە نێوان مێژووی ئایینی زەردەشتی و ئایینی میترائی و لە نێوان شوێنەوارەکانیاندا تێکەڵی دەکەن.

حمزە بن حسن الاسفهانی لە لاپەڕە ٣٢ی کتێبی (سنی ملوک الارز والانبیاء)دا دەڵێت(٢): زەردەشت لە زەمانی پاشای سێیەمی فارسەکان دەرکەوت کە

فەرەیدوون کوڕی ئەشقیان بوو، هەر لەو سەردەمەدا ئیبراهیم پێغەمبەریش دەرکەوت. محەمەد مەردۆخ لە لاپەڕەی ٥٢-٥٣ دا دەڵێت(٣): مێژوونوسان سەبارەت بە زەردەشت و ساڵی دەرکەوتنی بۆچوونیان جیاوازە، ئەوەی هەمووان لەسەری کۆکن ئەوەیە چەندان زەردەشت هەبوونە. یەکەم زەردەشت لە بەڵخ دەرکەوتووە، کوڕی پوشست بووە و هۆشەنگ باوەڕی پێ هێناوە. زەردەشتی دووەم بە فەرەیدوون بەناوبانگە، کە شۆڕشی دژ بە زوحاکی عەرەب کرد. دوایین زەردەشت هەمان زەردەشتی کوردە کە لە ڕۆژگاری گشتاسپ لە ورمێ دەرکەوت، نۆیەم پشتی زەردەشت بۆ مەئابادی پێغەمبەر دەگەڕێتەوە. فەلەکەددین کاکەیی لە لاپەڕەی ١١٥ی کتێبی (ڕوناهی زەردەشت)دا دەڵێت(٤): زەردەشتی یەکەم بەر لە هەشت هەزار ساڵ پەیدا بووە، واتە نزیکەی هەزارەی شەشەمی پێش زایینی.

فەرەیدوونی کوڕی ئەشقیان، کە محەمەد مەردۆخ بە زەردەشتی دووەم دایناوە، شەشەم پاشای پشدادییەکان بوو، پاش نەمانی (زوحاک/ ئەژداک) کە بووبووە پێنجەم پادشای پشدادییەکان لە ٢٥٠٠ پێش زایینی پاش باوکی فەرەیدوون، زوحاک کە ناوچەکەی داگیر کرد خۆی لە جێی باوکی فەرەیدوون بوو بە پاشا، ئەو دەم فەرەیدوون منداڵ بووە لە دەستی هەڵهاتوون، پاش ماوەیەک، واتە لە ٢١٩٢ پێش زایینی، حەکیم مەلا ساڵح دەڵێت (٥): کاوە هەژدە کوڕی هەبوو حەڤدەیان بەدەستی جەللادەکانی زوحاک دەکوژرێن بۆیە کاوە بەرهەڵستکاری ئەو زوڵمە زۆرەی کرد، کاوەی ئاسنگەر شۆڕشی کرد و لەناویان بردووە و ئاگری سەرکەوتنیان کردووەتەوە، بووەتە ئاگری نەورۆز (بڕوانە محەمەد مەردۆخ لاپەڕە ٢٢ (٦). محەمەد ڕەشید الفیل لە لاپەڕەی ٢٥ دا (٧) دەڵێت: کە شۆڕشیان کرد دژی زوحاک ئاڵایەکیان هەڵگرت لە پێست، فارسەکان پێیان دەوت (دەرفش کاوان) فەرەیدون زوحاکی لە شاخی دەنباوەند بەند کرد.

عبدالله مبلغي العباداني لە ل٧٣دا دەڵێت (٨): زوهاک توانی بۆ ماوەی هەزار ساڵ و نیو ڕۆژ حوکمرانی پیشدادییەکان بکات و ئازاری خەڵک بدات، پیشدادییەکان لە کیومەرس دەست پێ دەکات لە وەچەی یاسان ئاجەم بوون، بەر لەوە بە پیشدادییەکانیان دەوت



زەردەشت

(یاسان ئەجەمەکان)، کیومەرس لە ساڵی ٣٣٤١ پێش زایینی پاشایەتی دامەزراندووە، یاساکانی دادپەروەری و دادگەی (مەئابادی) لە کتێبی دەساتیر ئاماژەی پێ دراوە. (بڕوانە محەمەد مەردۆخ ل٢٢(٩).

ئەحمەد الشنتاوی لە ل٢٢دا دەڵێت(١٠) بە پێی وتەی ئارستۆ زەردەشت شەش هەزار ساڵ بەر لە مردنی ئەفلاتوون ژیاوە، بەڵام بلوتارک دەڵێت:زەردەشت پێنج هەزار ساڵ بەر لە مەسیح ژیاوە، کەچی الشفیع احمد الماحی دەڵێت (١١): ڕای جیاواز هەیە بۆ دەرکەوتنی زەردەشت لە نێوان شەش سەد بۆ شەش هەزار ساڵ پێش زایینی، مێژوونووسانی گەورە و ناودارانی جیهان لە ڕۆم و یۆنان و هیندستان لەدایک بوونی زەردەشت بۆ شەش هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایینی دەگەڕێننەوە، هەروەها بڕوانە شەریف فەلاح لە لاپەڕە ٢٥٥ (١٢)، کەچی خۆی لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت بە پێی سەرچاوەگەلی ڕاستتر لە دایکبوونی زەردەشت بۆ نزیکەی ٨٠ سەدە پێش زایینی دەگەڕێتەوە، واتە دەکاتە دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، ئەمەش لە بۆچوونەکەی فەلەکەددین کاکەیی نزیک دەبێتەوە، کە دەرکەوتنی زەردەشت بۆ هەشت هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێنێتەوە لەگەڵ جیاوازی دوو هەزار ساڵ.

محەمەد ئەمین لە لاپەڕە ٩٩ی کتێبی (تاریخ فجر الاسلام)دا (١٣) دەڵێت: زەردەشت کەسێکی

ڕاستەقینەیە و هەبووە و خەیاڵی نییە، دەرکەوتنی لە نێوان شەش سەد بۆ شەش هەزار ساڵ پێش زایینی بووە. دار میستەتەر-ی ڕۆژهەڵاتناس دەڵێت دەرکەوتنی زەردەشت لە شەش هەزار ساڵ پێش زایینی بووە، بەڵام هاک-ی ڕۆژهەڵاتناس دەڵێت: دەرکەوتنی زەردەشت بە هەزاران ساڵ پێش زایینیی بووە و پێش دەرکەوتنی مووسا پێغەمبەر بووە، هەروەها بڕوانە کتێبی زەردەشت احمد الشنتاوي لاپەڕە ٤٤.(١٤) لە ڕۆژ و هەیڤ و ساڵی گەل ژمێر ٢٠١٤ دا هاتووە(١٥) کە زەردەشت ٣٨٩٥ ساڵ بەر لە ئێستا پەیدا بووە، بە پێی ئەو ساڵنامەیە، واتە لە ساڵی ١٨٩١ پێش زایینی لەدایکبووە، بەڵام دەرکەوتنی میترا/میترائیزم بۆ شەش هەزار و شەش سەد و نەوەد ساڵ پێش ئێستا بووە، واتە ٤٩٨٦ ساڵ پێش زایینی، بەو پێیە دەرکەوتنی میترا و میترائیزم بە ٣٠٩٥ ساڵ پێش دەرکەوتنی زەردەشت بووە. بابان سەقزی لە لاپەڕە ١٦ی کتێبی (گاتا سرووده پیرۆزەکانی زەردەشت)دا (١٦) دەڵێت: نووسەران و زانایانی یۆنانی باوەڕیان وایە کە زەردەشت پێش شەش هەزار ساڵ پێش زایینی دەرکەوتووە و شاگردەکانی ئەفلاتوون دەریانبڕیوە کە زەردەشت شەش هەزار ساڵ پێش مەرگی ئەفلاتوون دەرکەوتووە، کەچی ئەفلاتوون لەساڵی ٣٤٧ پێش زایینی کۆچی دوایی کردووە. بە پێی ئەم مێژووانە دەرکەوتنی زەردەشت لە شەش هەزار و سێسەد و چل و حەوت ساڵ پێش زایینی بووە. زەردەشتی دووەم لە ٢٢٠٠ساڵ پێش زایینی دەرکەوتووە بە پێی بۆ چوونی محەمەد مەردۆخ لە لاپەڕەی (٥٣) دا کە دەڵێت (١٧): هۆکاری جیاوازی بیروبۆچوونی مێژوونووسان بۆ چەند زەردەشتێک دەگەڕێتەوە، هەروەها دەڵێت زەردەشتی سێیەم، واتە دوایین زەردەشت کە زەردەشتی کوردە لە ورمێ چاوی هەڵهێناوە، ناوی بیور ئاسپ نۆیەم نەوەی ئەسپتمانە لە زەمانی کەشتاسپ، لە ساڵی ٦٦٠ پێش زایینی دەرکەوتووە کە باوەڕی پێی هێناوە، گەشتاسپ لە نەژادی کیانییە، باوکی زەردەشت خەڵکی ئازربایجانە، دایکی خەڵکی ڕەیە و ناوی دۆغدیە. دەربارەی کۆچی زەردەشت، بابان سەقزی لە لاپەڕەی ٢٣دا (١٨) دەڵێت: کۆچی زەردەشت لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ڕۆژهەڵات لە تەک جەوهەری فەلسەفەی ئایینی بەهدینی ناگونجێت، کە زەردەشت پشت لە کێشەکان بکات. د.احمد مەحموود الخليل لە ل١٩١دا دەڵێت (١٩): بانگەشەی ئایینی زەردەشت لە بەلەخ پەسەندکرا، کە دەکەوێتە باکووری کوردستان، چونکە هێشتاسپ باوکی دارای یەکەم پاشای فارسەکان حاکمی باکتریا چووە سەر ئایینی زەردەشتی، بۆیە زەردەشت بۆ ئەوێ کۆچی کرد.

## وشەی زەردەشت و کەسایەتی زەردەشت

بابان سەقزی لە ل ٢٠٨دا دەڵێت (٢٠): ناوی ڕاستەقینەی زەردەشت (سیمیارە)، سیم بە مانای زیو، بەڵام زەردەشت نازناوی خانەوادەکەیان (ئەسپیتمان) بووە، بە واتای (ڕەگەز سپی)، لەسەر زاری نووسەری کوردی کرماشانی عیمادەددین دەوڵەتشاهی دەڵێت: وتوویەتی زەردەشت بە مانای تیشکی زێڕین.عەبدولخالق سەرسام لە گۆڤاری هاوار ژ١٤ ل٦٢دا پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات کە دەڵێت (٢١): زەردەشت بە مانای تیشک، یان ڕووناکی زێڕین، هەروا فەلەکەددین کاکەیی لە ل٥٤دا دەڵێت (٢٢): وشەی زەردەشت بە مانای درەوشانەوە، یان تیشکی زێڕین و پەیامی ئایینەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤ بە ڕۆشنایی ویژدان و پاکی دەروون بگات، بە پاکی لەم جیهانەوە بچێتە جیهانێکی تر.الشفیع احمد الماحی لە ل٢٢دا دەڵێت (٢٣): زەردەشت لە لای یۆنانییەکان بە مانای ئەستێرەی زیندوو هاتووە. مەسعوودی لە ل٢٢٩دا دەڵێت (٢٤): زەردەشتی کوردی (ئەسپیمان) بە نۆ پشت دەگاتەوە ئەسپیمان کە خەڵکی ئازربایجانە.

لە هەندێ سەرچاوە بەرچاو کەوتووە دەڵێن: زەردەشت بەمانای وشتری زێڕین دێت، کە ئەمەیان لە ڕاستییەوە دوورە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە گۆڤاری هاواری نوێ ژ١٤ ساڵی ٢٠٠٦ لەل٦٢ دا عەبدولخالق سەرسام ڕوونکردنەوەی تەواوی داوە (٢٥).

زەردەشت لە دایکبوونی بە موعجیزە بووە، بە پێی سەرچاوەکان، کە باوکی زەردەشت پاشا و دەوڵەمەند بووە، کاتێک بە دیار ئاژەڵەکانییەوە بووە لە کێڵگەکەیدا دوو فریشتە ئایین دەستە گیایەکی دەدەنێ، پێی دەڵێن لەگەڵ شیر تێکەڵاوی بکات، خۆی و خێزانەکەی بیخۆن، مژدەی منداڵ بوونی دەدەنێ کە پاشەڕۆژ دەبێتە ڕابەر و پێغەمبەر.

ئەیووب ڕۆستەم لە ل٣٠دا دەڵێت (٢٦): ئەفسانەیەکە لەسەر زاری عەبدولکەریم ڕەزایی دەیگێڕێتەوە کە لە کتێبی دەهەزار ساڵەی ئێراندا هاتووە لە جلد ئەوەل ل٧٠دا وتوویەتی: دوو یەزدی سپێردراو بە ناوەکانی (ئەمرداد= یەزدی ئاو) و (خورداد =یەزدی گیاکان) ئەم دوو یەزدە پاش ئەوەی کاری خۆیان لە ئاسمان تەواو کردووە بەربوونەتەوە سەر زەوی (تەنی زەردەشتیان) لە ناو ڕەگی گیادا چەقاندووە، پاش ئەوەی ئەو گیایە ڕواوە (پوروشسپ) ی باوکی زەردەشت بە ڕێنمایی (ئەمرداد و خورداد) شەش مانگای خۆی بردووەتە دەشت بە مەبەستی لەوەڕاندنیان، مانگاکان لەو گیایەیان خواردووە و گوانیان پڕ بووە لە شیر، (دۆغدییە)ی هاوسەری(پوروشسپ) مانگاکانی دۆشیون و هاوسەرەکەشی لە گیای (هووم) کە پێشتر بردوویەتییە ماڵەوە و ڕوحی زەردەشتی تێدا جیگیر بووە، وشکی کردووەتەوە و کردوویەتییە ناو شیرەکەوە و لەگەڵ دۆغدییە لێیان خواردووە، پاش ماوەیەک زەردەشت لەدایکبووە.بابان سەقزی شوێنی لە دایک بوونی زەردەشت دەستنیشان دەکات لە ل٢٠٤دا دەڵێت (٢٧): دۆغدییە دایکی زەردەشت لە گوندی (لەج ئەوەج) لە شارویران (مەهاباد) لەدایکبووە، زەردەشتیش لە گوندی (ئەمپی=ئەمپە) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک باژێڕی ورمێیە لە دایکبووە و لە ل٢١٣دا دەڵێت: ئازەرگەشسپ، یان تەختی سلێمان نزیک سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێنی لەدایکبوونی زەردەشتە، بەخێوکردنی مانگا، یان (چێڵ) پەسەند بوو و لەبەر بەروبوومیشی لای کوردان پیرۆزیش بوو، هەر وا زەردەشت بەخۆی بە شیری مانگا پەروەردە بووە (بڕوانە محەمەد ئەمین هەورامانی - کاکەیی ل٧٩) (٢٨). نەیاران زەردەشتیان بە منداڵی دزیوە و بردوویانە بۆ ئەوەی بیخەنە ناو ئاگرەوە، پاش سێ ڕۆژ لە ناو ئاگر دەبێت تەماشا دەکەن لە ناو ئاگرەکە خەوی لێ کەوتووە بەبێ ئەوەی هیچی لێ هاتبێ، بۆیە ئەو سێ ڕۆژە لای زەردەشتیان بووەتە ڕۆژی پیرۆز، لەبەر ئەو هۆیە ئاگر لای زەردەشتیان پیرۆزە، یان ڕووناکی و ڕەنگدانەوەی خودایە، ئەو سێ ڕۆژە ڕۆژوویان گرتووە و کردوویانە بە جەژن، پاشان زەردەشت بوو بە پێغەمبەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. (بڕوانە ئەیووب ڕۆستەم ل٨٦ هەروا بڕوانە مەجدی کامل ل٣٤) (٢٩). زەردەشت بوو بە پێغەمبەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بابان سەقزی لە ل٣٣دا دەڵێت (٣٠):

زەردەشت هەرگیز سەری بۆ خودای جۆراوجۆر دانەنواندووە و بۆ ئازادی و یەکسانی مرۆڤ لە دەست بێدادی و ستەمکاری هەوڵی داوە، هەر ئایینێکی نوێ کە سەر هەڵدەدات لەسەر بناغەی ئایینەکانی پێشوو لەگەڵ گۆڕانکاری و چاکسازی دادەمەزرێت. ئەحمەد مەحموود الخلیل لە ل٢٨٦دا پشتگیری بۆچوونەکانی بابان سەقزی دەکات و دەڵێت (٣١):

ڕاستییەکەی زەردەشت بزووتنەوەیەکی چاکسازی بوو لە نێو ئایینی مەزدییەدا پەرەی پێ دا بە شێوەیەک لەگەڵ بارودۆخ و پێویستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو سەردەمەی میدییەکاندا بگونجێت. (مەزدییە = میترائی و زروانی) بزووتنەوەیەکی چاکسازی بووە لە ئایینی میترائی کە ماوەیەکی زۆر پێش زەردەشت دەرکەوتبوو. الشفیع احمد الماحی لە ل٢٣دا دەڵێت (٣٢):گەورەی مەلائیکەتەکان هاتووە بۆ لای زەردەشت بۆ ئەوەی بیبات بۆ ئاسمان و بردی لەوێ پەیامی پێغەمبەری وەرگرت و بووە پەیامبەر و پێغەمبەر لە تەمەنی سی ساڵیدا وە لە تەمەنی چل ساڵیدا وەحی بۆ هات و ئایینەکەی بەربلاوبوو، پاش ئەوەی کشتاسپ چووە سەر ئایینەکەی، مەجدی کامل لە ل١٥٧دا دەڵێت (٣٣): زەردەشت وتوویەتی پێغەمبەری خودام و ئاڤێستا خوا بۆی دابەزاندووە و ڕوح القدس بردوویەتی بۆ لای ئاهورامەزدا و ڕێنمایی کردووە و پیرۆزی ئایینەکەی فێرکردووە. لە زەمانی زەردەشت شەڕ لە نێوان ئێران و توووران دروست بووە، توورانەکان زەردەشتیان لەسەر نوێژ کردن لە تەمەنی ٧٧ساڵیدا کوشتووە. (بڕوانە مەجدی کامل ل٣٤) (٣٤)، لەسەر زمانی (ئەسبەغی بن نەباتە)کە ڕاوێژکارێکی شیعەیە برادەری ئیمام عەلی بووە، دەڵێت: ئیمام عەلی وتوویەتی زەردەشتییەکان خاوەن کتێبن و پێغەمبەریان بۆ نێرراوە، (واتە زەردەشتە). (بڕوانە عبدالله مبلخي العبادانی ل٧٨) (٣٥).

## کتێبی پیرۆزی زەردەشت

ئاڤێستا کتێبکی پیرۆزی زەردەشت بووە، بە ئاوی زێڕ

(ئاڵتون) لەسەر دوازدە هەزار پێستی گا نووسراوەتەوە. بڕوا وایە لە ئاسمان بۆ زەردەشت هاتووەتە خوارەوە وەک (وەحی)، (بڕوانە مەسعوودی مروج الذهب (٣٦)محەمەد مەردۆخ لەسەر زمانی ڕەمیس تەتەر نووسەری کتێبی (تتبعاتی ئیران) دەڵێت (٣٧): زمانی مادەکان زمانی ئاڤێستا بووە، هەروەها دەڵێت (٣٨): زمانی مادەکان زمانی کوردی موکری بووە، چونکە زەند ئاڤێستا کە بە زمانی مادی نووسراوە، لە شێوەزاری موکری، یان زمانی موکری زۆر نزیکە.((بابا سەقزی دەڵێت (٣٩): لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانی (کە هەورامی ڕەسەن بوون)، ئاڤێستا تەنیا پەرتووکی ئایینی نەبووە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا فرە نووسەر بووە کە هەموو بەشەکانی زانستی سەردەمی لەخۆ گرتبوو. ئاڤێستای زەردەشت ڕاڤەیەکی بۆ دانا بە ناوی (زندا)، پاشان ڕاڤەکەیش بۆ زەندا بە ناوی (پازەند). پاش زەردەشت زۆر ڕاڤەی تری بۆ دانرا. (بڕوانە المسعودي مروج الذهب) (٤٠).

زەند ئاڤێستا وشەیەکی هەورامییە، بە واتای ڕاڤەکردن، ئەو کتێبە ڕۆمەکان لە ساڵی (٣٣٠ پ.ز) دانەیەکیان سووتاند کە لە کتێبخانەی پاشاکان بوو، ئەوی تریان ڕەوانەی ڕۆما کرد بۆ وەرگێڕان و سوود وەرگرتن لە ناوەڕۆکەکەی.

عبدالله مبلغي العباداني ئەو بۆچوونەی سەرەوە پشت ڕاست دەکات و دەڵێت (٤١): کتێبی ئاڤێستا لە زەمانی هاخامنشینەکان دووان بوون، یەکێکیان لە ئەستەخەر و فارس لە کتێبخانەی پاشاکان بوو بە فەرمانی ئەسکەندەر سووتێنرا. ئەوی تریان لە پەرستگای(ئازەر کشپ) بوو فەرمانی دا بۆ سەر زمانی یۆنانی بگۆڕدرێت. ساسانییەکان کە دەسەڵاتیان گرتەدەست، جارێکی تر لە سەردەمی ئەردەشێری یەکەم کۆیان کردەوە و جارێکی دیکە لەسەر (١٢هەزار) پێستی گا نووسراوەتەوە، سابووری کوردی ئەردەشێر شتی کەی خستووەتەسەر (بڕوانە کتێبی موسوعة الادیان في العالم عبدالرحیم الماردیني) (٤٢)

بابان سەقزی دەڵێت (٤٢): دوای سووتاندنی گەنجینە چەند هەزار ساڵ، ئاڤێستا بە دەستی ئەسکەندەری مەقدۆنی کۆششێکی فرەی سەدان ساڵە کرا، تا بەشەکانی ئاڤێستا جارێکی تر بە دەستی پیران و موریدانی ئایینی بەهدینی لەسەردەمی ساسانییەکان کۆکرانەوە.

بە لەشکرکێشی عەرەب و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ساسانییەکان بە مەبەستی داگیرکردن و دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکاندا، ساسانییەکان لە ساڵی ٦٤٠ ز شکستیان هێنا، ئاڤێستا جارێکی دی هاتە سووتاندن و لەناوبردن، بەڵام ئەو زەردەشتییانە لە دەستی ئەو لە شکرکێشییە بۆ هیندستان هەڵاتبوون توانییان جارێکی دیکە کۆی بکەنەوە و بینووسنەوە.

وا دەردەکەوێت ئەم بارە باوبووە، لەو سەردەمانەدا هێزی داگیرکەری هەوڵی داوە کولتووری گەلانی بن دەست بسڕێتەوە و کولتووری خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ، هەروەک ئەوەی بابلییەکانیش لە سەردەمی (نەبوو خەزنەسەر) تەوراتی جووەکانیان سووتاند و سەد و پەنجا هەزار جوویان بە دیل گرت و هێنایانن بۆ بابل، ڕۆمەکانیش ئینجیلیان سووتاند کاتێک لە شکرکێشییان کرد بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پاش جیاکردنەوەی فەرمی لە کڵێسەکانی ئەرسۆدۆکس و کاسۆلیکی ڕۆمی کە کەڵێنێکی گەورە دروست بوو. (بڕوانە جەنگە سەلیبییەکان نووسینی تیموتی لیڤی بێڵ) و. تەحسین تەها بەهائەددین، چ١، چ وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر) (٤٤)

عبدالله مبلغي العباداني دەڵێت (٤٥): کۆنترین کتێبی ئاوێستا لە دانیمارک ماوەتەوە و دەستنووسی (ئایین دبربیە). کتێبی ئاوێستای پیرۆز بەر لەسەردەمی هاتنی عەرەبەکان (٢١نەسک) بووە، هەریەکیان (٣٤٥٧٠٠) وشە بووە، بەمەش کۆی وشەکان دەکاتە (٧٢٥٩٧٠٠) وشە.لە فەیسبووکی عادل کاکەیییەوە.(٤٦)

بابان سەقزی لە کتێبی گاتا (سرووده پیرۆزەکان)دا دەڵێت (٤٧): ئاڤێستا لە (٢١ بەرگدا) داڕێژراوە هەریەک (٣ بەشی) کە هەر بەشێک (٧) بەرگی لەخۆ گرتووە.

**بەشی یەکەم:** گاتاکانە کە سروودی زەردەشت خۆی بووە (٦بەرگی) کە ڕاڤەکردنی گاتاکانە.

**بەشی دووەم:** دادەکان کە حەوت بەرگ بوون، دەربارەی داد و یاسا و چۆنیەتی دەسەڵاتداری و زانست و هونەر و پیشەکانی سەردەم بوونە.

**بەشی سێیەم:** بابەتەکانی شایست و ناشایست و دنیایشت و نوێژ، کە لە (٧ بەرگدا) بووە.

بابان سەقزی دەڵێت (٤٨): ئاڤێستای کۆن لە (١٧ بەش) پێکهاتووە، هەر بەشێک لە (٢٣٨سروود)، یان هۆرە پێکهاتووە و بەشەکان لە (٨٩٦) رستە پێکهاتوون، کە ئەوانیش بەگشتی لە (٥٥٦٠) واژە پێکهاتووە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئاڤێستا پاش لەشکرکێشی رۆمەکان شاگردانی زەردەشت، یان کەسانی دوای زەردەشت تا کۆتایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و پێش لەشکرکێشی عەرەب بۆ ناوچەکە کۆیان کردەوە. میدیەکان لە ساڵی (٨٥٠ پ. ز) دەسەڵاتیان گرتە دەست و چوونە سەر ئایینی زەردەشت، ئەو ئایینە لە دەسەڵاتی میدیەکاندا بوو بە ئایینێکی فەرمی، لەسەر زەمانی پاشا (داریۆس) گوشاری زۆر خرایە سەر ئایینەکانی تر بۆ ئەوەی دەست هەڵگرن و بێنە نێو ئایینی زەردەشتی، ئایینییەکان بەرەو لاواز بوون چوون، یان رێگای نهێنییان گرتە بەر بۆ پاراستنی خۆیان میدیەکان لەسەرەتاوە بەرەنگاری زەردەشت و ئایینەکەیان کرد، ناچار زەردەشت چوو بۆ خۆراسان و بەڵخ لەوێ ئایینەکەی پەرەی سەند و جارێکی دی گەڕایەوە لای میدیەکان (بڕوانە محەمەد امین زەکی). خلاصة تاریخ الکورد وکوردستان (٤٩). کاتێک ئەشکانییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست ئایینی فەرمیان میترائی بوو، بەڵام لە سەردەمی ساسانیان ئایینی زەردەشت بوو بە ئایینی فەرمی و ئایینی میترائی جارێکی تر بەرەو لاواز بوون و گوشاری زۆر چوو، هەرچەند وەک سەردەمی میدیەکان نەبوو، چونکە لە سەردەمی ساسانییەکان ئایینی زەردەشتی دژ بە ئایینییەکانی تر لە ئێران سەرکەوتوو نەبوو لە تێکۆشان (بڕوانە تۆفیق وهبی (٥٠) میترائییەکان لەسەردەمی (دیاکۆ) تووشی گوشار و کۆمەڵکوژی بوون تا دەست لە ئایینی خۆیان هەڵگرن و بێنەسەر ئایینی زەردەشت، بەڵام پیاوە ئایینییەکان (پیرەکان) چوونە پەناگەی چیا سەختەکان و ئەشکەوتەکان بۆ پاراستنی خۆیان و بەردەوامی ئایینیەکەیان. رێنمایی هەوادارانیان لەژێر باری نهێنی (سرمەگۆ) دەکرد کە پاشان بووە ئەرکێکی ئایینی بۆ خۆ پاراستن. بەو شێوەیە توانییان درێژە بە ئایینەکە بدەن و بیپارێزن.

رۆمەکان لەشکرکێشییان بۆ ناوچەکە کرد، کە لەژێر فەرمانی ئەسکەندەری مەقدۆنی بوو، ئەخمینییەکان دەسەڵاتیان نەما، رۆمەکان لەجیاتی ئەوەی کولتووری خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن، کەچی دەستیان لە کولتووری خۆیان هەڵگرت و ئایینی میترائیان پێڕەو کرد، چونکە بڕوایان وابوو کە میترا خوای عەهد و پەیمان و هێزە، هێمای سەرکەوتنە، پاشان لەگەڵ خۆیان گواستیانەوە ئەوروپا تا گەیشتە (ئەسکوتلەندا)، ئایینی میترائی لە ئەوروپا تا (٥٠٠ ساڵ) پاش دەرکەوتنی (مەسیح) بەردەوامی هەبوو، پاشان لەسەردەمی (کوستەنتین) فەرمان دەرچوو بۆ لە ناوبردنی ئایینی میترائی لە ئەوروپا. زەردەشت لە پایتەختی ساسانییەکان (ئەکباتان – هەمەدان) قوتابخانەیەکی دروست کرد، فیساگۆرسی لەو قوتابخانەیە بیرکاری (ماتماتیک) و فەلەکناسی خوێندووە، هەروەها قوتابخانەیەکی لە سیستان دامەزراند بۆ خوێندنی فەلەکناسی، ئەوکات لەو قوتابخانانە کاری پزیشکیشی دەخوێنرا.

## پیرۆزیی ئاگر

ئاگر لای زەردەشتییەکان بە پیرۆزی ڕادەگیرا، هەرچەند بنەمای پیرۆزی ئاگر لە پێش ئایینی (میترائیش) بۆ کۆنتر دەگەڕێتەوە، جۆرج حبیب دەڵێت (٥١): بوونی ئاگر لە پەرستگای ئایینە کۆنەکانی ئێران ئاماژەیە بۆ ئامادەبوونی ئاهورا مەزدا، بەڵام ئەوکاتە زەردەشت لە دایکبوو و دزییان و فڕێیان دایە ناو ئاگرەوە، پاش سێ ڕۆژ چوون بزانن چی بەسەر هاتووە، بینییان ئاگرەکە کوژاوەتەوە و زەردەشت خەوی لێ کەوتووە، زیاتر زەردەشتییەکان پیرۆزیی ئاگریان بەرز ڕاگرت، هەروەها بۆ بڕوای کۆنتر و پیرۆزی چوار توخم (ئاگر، ئاو، خاک، هەوا) دەگەڕێتەوە، هەروەها بڕواش وابوو کە خواوەند لە نوورە (ڕۆشنایی). ئاگریش سەرچاوەی ڕۆشناییە، بۆیە بە پیرۆزی ڕاگیرا. فەلەکەددین کاکەیی دەڵێت (٥٢): زەردەشت بە ئەندێشەی ڕۆشن خوای ناسییەوە، هەر بۆیەش ئاگردانی کرد بە هێما و نیشانەی ڕێوڕەسمی خواپەرستی، چونکە سەرچاوەی ڕۆشناییە.

ئاگر لە چوار توخمە سەرەکییە پیرۆزەکان بوو لە بڕوای

ئەفریقییەکان و هیندۆسەکان و زەردەشتییەکان...تاد. واتە کۆڵەگەی بڕوای گەلانی ئاری نەژاد بوو لەو سەردەمانەدا وەک د. ئەحمەد مەحموود الخلیل دەڵێت (٥٣): خۆر (ڕۆژ) کۆڵەگەی ئایینی گەلانی ئاری بوو بە گشتی و پیرۆزی تایبەتی لە ئایینی میترائی و ئایینی زەردەشتیدا هەبوو.

الشریف احمد الماحی پشتگیری ئەو بۆچوونانەی سەرەوە دەکات و دەڵێت (٥٤):

لە کتێبی ئاڤێستادا هاتووە کە خودا لە نوورە و ڕووناکییە و سەرچاوەی هەموو ڕۆشنایییەکە و تاک و تەنیایە و ناوی ئایینی زەردەشتیان (مەزدایەسنایە – MazdaYasna)، بە واتای ئایین پەرستنی خوای تاک و تەنیا.

بابا سەقزی دەڵێت (٥٥): زۆر گرینگە بوترێت کە بەهدینان ئاگر پەرست نین و ئاگر ناپەرستن. ئاگر و ڕووناکی بەشێکە لە دیاردەکانی ئاهورامەزدای دلۆڤان.(ئاهورا مەزدا = مازدا Mazda خوای تاک و تەنیا، ئاهورا = ئاگادار گەورە) بڕوانە مجدی کامل (٥٦).

نەیارانی کورد ئاگری نەورۆز کە ڕۆژی نەورۆز بە جەژنی نەتەوەیی کورد دەژمێررێت بە ئاگرپەرستی لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش یەکێکە لە تۆمەتەکان. جەژنی نەورۆز بۆ سەردەمی جەمشید دەگەڕێتەوە کە یەکێکە لە پاشای پیشدادییەکان.

**ئاتەشگەدە (ئاگردان)**

ئاتەشگەدە، واتە (کوانکدان = جێگای تەرخانکراو بۆ ئاگر) ئاگری پیرۆز، زەردەشتییەکان لە جێگای کۆبوونەوەی ئایینی کە زیکر و عیبادەت و خوێندنەوەی سروودەکانی پیرۆز (گاتاکان)، واتە وتەکانی زەردەشت دەکەن بە ئاواز و دەنگی خۆشەوە لەگەڵ ئاوازی مۆسیقا بەسەرپەرشتی (ماگەکانەوە = موغەکان)، ئەو جێگایانە ئاگردانێکی هەیە کە هەمیشە ئاگری تێدا ناکوژێتەوە، کە پێی دەوترێت ئاتەشگەدە. لەو ناوچانەی زەردەشتی هەبوون، ئاتەشگەدە هەبووە.

بابا سەقزی دەڵێت (٥٧): زەردەشت ئاگرگایەکی بەناوی (ئاتر و ئاگر و ئاهێر، ئازەر نۆش) لە باکتریا و باختەر لە هەرێمی دینەوەر لە کرماشان دامەزراند، ئەو گوندەش تائێستا ماوە.

محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت (٥٨) (ئاوبەر) یەکێک بووە لەو جێگا پیرۆزانە، کە زەردەشت لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ لوڕستان و گەڕانەوەی لێی ماوەتەوە کە بڕوا وایە کۆشکی کۆشتا سپی لێ بووە، دەکەوێتە نێو گوندەکانی هەڵەبجە و مەریوان.

گەورترین پەرستگا و (ئاتەش گەدە) لە شاری (پاوە)ی سەر بە ناوچەی کرمانشاه هەبوو، زەردەشتییەکان گەر بچوونایە بۆ حەجکردن لەوێ بەپێ پەتی (خاوس) بەڕێدا دەچوون تا دەگەیشتن بەجێ، بەو باوەڕەی کە هەیانبوو حەج و زیارەتیان قبووڵ بێت، ئەو پەرستگایە لە کاتی لەشکرکێشی عەرەب و ئیسلام بۆ ناوچەکە وێران و خاپوور کرا.

محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت (٥٩): زەردەشت لە شاری (شێز) لەدایکبووە کە پەرستگایەکی زەردەشتی لێ بوو، هەر کات پاشاکان بچوونایە سەر تەخت بەپێی پەتی دەچوون بۆ زیارەت و حەج کردن و زۆربەی خەڵک کە لەو ناوچانە بوون، لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون.

**موغ، یان ماگ (پیاوانی ئایینی) Magi**

وشەی ماگ Magi لە بنچینەدا وشەی مەگۆس Ma-gos یۆنانییە و لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی بە موغە زەردەشتییەکان وتراوە، کە بە مانای (هێژا) و مەزن هاتووە، پیاوە ئایینییەکان لە جادووگەریدا دەستێکی باڵایان هەبووە. وشەی Mgicی ئەورووپی هەر لەم وشەیەوە هاتووە (بڕوانە ئیڤانۆڤ) (٦٠)

د. ئەحمەد مەحموود الخلیل دەڵێت (٦١): پیاوە ئایینییەکان (موغەکان) چینی ئایینی فەرمی بوون، لە باوانەوە بۆ وەچەکان دەمایەوە، کە ئەرکی سەرشانیان ئایینی بوو، سەر بە خێڵی ماگوی بوون Magoi کە یەکێک بوو لە شەش خێڵەکانی میدیا، لای عەرەبەکان بە مەجووسی زانراوە، بە زەردەشتیان دەوت (پێغەمبەری مەجووسەکان) و هەر ئایینێکی دێرینی میدیا و فارس پێیان دەگوت (مەجووسی).

محەمەد ئەمین هەورامانی باسی ئەرکی موغەکان دەکات و دەڵێت (٦٢): ئەرکی سەرشانی موغەکان کە پیاوی ئایینین دەبوایە سەرپاکی گشت سروودە ئایینیەکانی، واتە (گاتەکان) لەبەربوایە، بۆ سەرپاکی

چینەکانی میللەت بخوێنرایەوە، ئەم خوێندنەش لەسەر شێوەی ئاواز و گۆرانی بوایە، پێویستی بە کەسێکی دەنگ خۆش و هەناسەدرێژ و زیرەک هەبوو.

فرنسواگراتی لۆڤا دەڵێت (٦٣)٠: موغەکان وەک ئێلێک کە بە میراتگرییەوە پیاوە ئایینییەکانی ماد بوون، باوەڕیان بە ئایینی فریشتەکان هەبوو، بەرپرسی ڕێوڕەسمەکانی مردوو ناشتن بوون، هەروا ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینیدا هەبوو.

بابان سەقزی دەڵێت (٦٤): لەسەر داوای زەردەشت (ئەنجوومەنی پیری موغان) دامەزراوە، ئەندامانی ئەنجوومەنەکە کەسانێکن لە یارانی زانا و ژیری زەردەشت و باوەری تەواویان بە ڕاهێنانەکانی زەردەشت هەبووە، ئەرکیان گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و بەرگری لادان لە ئایین بووە، کە چوار کەس بوونە، موغەکان جلی ڕەش لە شێوەی کەوای کورت و شەرواڵی درێژ لە شێوەی ڕانکوچۆغەی ئێستایان لەبەر دەکرد، جامانە، یان مێزەری ڕەشیان بە سەریانەوە دەبەست، بۆیە هەندێک جار پێیان دەوترا (ڕەش پۆشاک، یان ڕەش پۆش)، یان (سیاچامانە)، واتە جامانە ڕەشەکان. مسعودی دەڵێت (٦٥): پاش زەردەشت (خاناس) کە موغێکی زەردەشتی بوو، بووەتە جێگری زەردەشت کە خەڵکی ئازربایجان بوو.

## نوێژی زەردەشتی

بابان سەقزی باسی نوێژکردن لە ئایینی زەردەشتی دەکات و دەڵێت (٦٦): نوێژ لە ئایینی بەهدینی پێنج جار لە ڕۆژێکدا دەکرێت. سپێدەی بەیانیان، (لە کاتی خۆرهەڵاتن، تا نیوەڕۆ)، دوای نیوەڕۆ، ئێواران، شەوان. نوێژێکی تر هەیە بە ناوی (کێمنە)، کە تایبەتە و زۆر دوورو درێژ و پیرۆزە، لە کاتی ڕووداو، یان کاتی دیاریکراودا دەخوێنرێت، پاشان ڕوو لە ڕۆژ، یان ئاگر، یان ڕووناکی دەکرێت و نوێژ دەخوێنرێت، پاش دەستنوێژ وەرگرتن.

"مەجدی کامل کاتەکانی نوێژکردن دیاری دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

شاهێن (نیوەی شەو تا بەیان)، هاوان (ڕۆژهەڵات تا نیوەڕۆ)، ڕاپیشرین (نیوەڕۆ تا عەسر) و زێرین (عەسر تا ڕۆژئاوا)، ئەویسرۆسۆم (ڕۆژئاوا تا نیوەشەو) ئەم نوێژانە کە کاتەکانیان دیاری کراوە، لە ڕێوڕەسمی ئایینی زەردەشتیدا فەرمین، پابەندبوونە بە ئایینی زەردەشت، بەڵام مەراسیمی تر لە پەرستگا ئایینییەکان هەبوون، بۆ نموونە لە کاتی خوێندنەوەی سروودەکان بە ئاوازی میوزیک و دەنگ خۆشەکان چ کەسێک بە تەنیا، یان بۆ کۆمەڵە کەسێک جا ئەگەر لە بۆنە ئایینییەکان بێت، یان لە حەجکردن، یان هەر مرۆڤێک، کە زیارەتی پەرستگا دەکات و ئاوات و مرازێکی هەبێت.

## گاتاکان (سروودە ئایینییەکان)

گاتاکان، یان سروودە ئایینییە پیرۆزەکانی زەردەشت ژمارەیان (٥٣) گاتایە. هەریەکەیان لە چەند سروودێک پێکهاتووە، بۆ نموونە گاتای (٢٨، ٢٩، ٣٠) هەریەکەیان) لە (١٠) سروود پێکهاتوون، کەچی گاتای ژمارە (٣١) لە (٢١) سروود پێکهاتووە، بەڵام گاتای (٣٢) لە (١٦) سروود پێکهاتووە، گاتای (٥٣) لە نۆ سروود پێکهاتووە (بڕوانە گاتاکان - بابا سەقزی (٦٨))، واتە هەرکات و ژمارەیەکی دیاریکراو تایبەت بە خۆی سروود دەگرێتە خۆی.

محەمەد ئەمین زەکی دەربارەی گاتاکان دەڵێت ٦٩): دەرکەوتووە سروودەکان (گاتاکان) کۆنترن لە ئاڤێستا وەند بدات سروودەکان بۆ لابردنی شەڕ (ئەهریمەن) بووە.

(وە بسپرید) سروودەکانی بۆ خواوەند بووە، پسنا سروودەکانی لە کاتی قوربانی کردن لە بەرانبەر ئاگرە پیرۆزەکان بووە، هەروەها دەڵێت: بە دووری نازانم لە سروودەکانی میترا وەرگیرابێت، چونکە ئایینی میترائی بە هەزاران ساڵ زۆرتر پێش زەردەشت دەکەوێت، چونکە زەردەشت ئایینێکی دا پچڕاو و سەربەخۆ نەبووە، لە ئایینی میترائی بووە، پاشان بووە بە ئاهورا مەزدا، زەردەشت چاکسازی لە ئایینی میترائیدا کردووە.

لە ناوەڕۆکی گاتاکان دەردەکەوێت ئایینی زەردەشت ئایینی ڕاستی و خۆشەویستی و پاکی بووە، هەروەک بابان سەقزی دەڵێت (٧٠): تێیدا هاتووە ئەی مەزدا ئاهورا، ئەی جاویدانە پاکەکان، ئێمە داواکارین ئەڤین و ڕاستی و پاکی و چاکترین هزر و هێزی (مینۆوین) تا بە پەروەردەکردن و پەرەپێدان بەسەر درۆ زاڵ بین.

ئەم داواکارییە بەرزترین داواکاری پیرۆز و دروستە لە ئایینی زەردەشتی، کە مرۆڤ دەگەیەنێتە لووتکەی

ڕەوشت پاکی و دروستی. ئاڤێستا پاش هێرشی عەرەب و ئیسلام لەناوبرا، بەڵام پیاوە ئایینداره‌کانی پارس کۆیان کردەوە و متمانەیان نەبوو لە ئێران بمێنێتەوە، بردیان بۆ هیندستان، لە وێ پارێزراوە. (بڕوانە صالح قەفتان.(٧١)

**زەردەشت بەپێی ناوەڕۆکی گاتاکان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێداگیری دەکرد:**

١- دەبێت مرۆڤ ڕاستگۆ بێت و دژی درۆبێت.

٢- دەبێت مرۆڤ لەگەڵ کرداری چاکە بێت.

٣- دەبێت مرۆڤ دژی بێدادی و کۆیلایەتی بێت.

٤- زەردەشت لەگەڵ ئازادی مرۆڤدایە.

٥- مرۆڤ پێوەندی بە زانستەوە هەبێت بۆ ئەوەی بەختیار بێت.

٦- ئازادی ڕا دەربڕین و هەڵبژاردن و ئایین.

٧- دژی گومڕایی و چەواشەکاری.

٨- دژی جەنگ و خوێن ڕشتن.

٩- دژی کۆنەپەرستی و پاشەوەڕۆیی و قەناعەت.

١٠- گرنگیدان بە ژینگە و پاراستنی سروشت.

١١- لەگەڵ یەکسانی ژن و پیاودا بوو، ژن ئازادە لە ڕادەبڕین بۆ دیاریکردنی هاوسەر.

زەردەشت یەکسانی نێوان ژن و پیاوی پێش سوقرات دیاری کرد، کە لە هەموو مافەکانی لەگەڵ پیاو یەکسانە. (مەجدی کامل(٧٢)

١٢- دەبێت مرۆڤ خۆی بناسێت تا بگاتە پلەی خوناسین.

١٣- حەرامکردنی شیوەن و گریان بەسەر مردوواندا، چونکە ڕوحی مردوو ئازار و ئەشکەنجە دەچێژێت، پێویستە ئاڤێستا بخوێننەوە و بپاڕێنەوە تا لە پردی جنیفەر پەڕینەوەیان بۆ ئاسان بێت.

١٤- ستایش و پەسەندی جەژنەکان، چونکە لە جەژنەکان کۆ دەبوونەوە و گیروگرفتەکان شی دەکرانەوە و ڕێز و حورمەتی زیاتر دەبوو، یەکێتی و تەبایی دەپارێزرا.

١٥- مرۆڤ دەبێت پشوودرێژ بێت و لە خۆ بردوو و خۆبەخش بێت.

١٦- ئەگەر کەسێکی خراپ ڕەوشتی خراپی بەرانبەر (میترا) نواند، ئەوە مردن بۆ خۆی دەستەبەر دەکات.

١٧- نابێت مردوو بە شەو بنێژرێت، دەبێت لەگەڵ هەبوونی ڕۆژ بێت.

١٨- بێ ئایین و هەڵگەڕاوە لە ئایین سزای لە سێدارەدانە.

١٩- ڕبا، واتە ئەگەر یەکێک پارە بداتە کەسێکی تر زیادی لێ وەربگرێت، یان قازانج وەربگرێت، ئەوە لە ئایینی زەردەشتیدا بە حەرام دەزانرێت.

٢٠- مەجدی کامل دەڵێت (٧٣): لە ئاڤێستادا هاتووە مرۆڤ سێ ئەرکی هەیە: ١-دوژمن بکاتە دۆست، ٢- خراپ بکاتە چاک، ٣- نەزان بکاتە زانا. لە هەموویش بەرزتر خاوەن ئیمان بێت، پاش ئەوانە (بە واتا و کردار شەرەف و ئەمانەت پارێز بێت)، هەروەها دەڵێت (٧٤): ڕێوڕەسمی عیبادەتی زەردەشتی ترس نییە لە خواوەند، چونکە بۆ خاوێن بوونەوەی دەروون و بەرەنگاربوونەوەی شەڕ پێوەندییەکی ئەخلاقی لە نێوان مرۆڤ و خودادا هەیە..

٢١- زەردەشت لە ژیانی خواردنەوەی شەرابی (هووم)ی قەدەغە کرد، کە ماددەیەکی هۆشبەرە، بەڵام موغەکان دوای زەردەشت جارێکی تر پیرۆزیان ڕاگرت. (عەبادانی)(٧٥)

**سەرچاوەکان پەراوێزەکان:**


١) عبد العزیم ڕەزایی - و. شریف فەلاحی مێژووی نەورۆز - ٢٠١٢ ز، چ، موکریان -هەولێر، ل٢٣١.

٢) حمزه بن حسن الاصفهاني -سنی ملوك الارز والانبیاء چ١، ساڵی ٣٥٠ک، ل٣٢.

٣) محەمەد مەردۆخ -مێژووی کورد و کوردستان-چ١ ٢٠٠١ز..ڕۆژهەڵات هەولێر، ل٥٢.

٤) فلک الدین کاکەیی -ڕوناهی زەردەشت - چ١.چ ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل١١٥.

٥) حکیم مەلا ساڵەح -هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا - ٢٠١١ز. چ. ڕۆژهەڵات هەولێر.

٦) محەمەد مەردۆخ مێژووی کورد و کوردستان، ل٢٢.

٧) محەمەد ڕەشید الفیل -الاکراد في نظر العلم، ل٢٥.

٨) عبدالله مبلخي العباداني -تاریخ الدیانة الزرادشتیة- ت. وریا قانع -تعریب عبد الستار کلهر، ٢٠١١ز.هەولێر، ل٧٣.

٩) محەمەد مەردۆخ -مێژووی کورد و کوردستان، ل٢٢.

١٠) احمد الشنتناوي -زرادشت - و.شاکر فتاح - ١٩٦٧ز، ل٢٢.

١١) الشفیع احمد الماحي -الزرادشت والدیانة الزرادشتیة.

١٢) شریف فەلاحی -مێژووی نەورۆز، ل٢٥٥.

١٣) محەمەد ئەمین-تاریخ فجر الاسلام، چ٥.١٩٤٥ز، ل٩٩.
١٤) احمد الشنتاوی زەردەشت و، شاکر فتاح، ل٤٤.
١٥) ڕۆژ و هەیڤ و سالی گەل ژمێری سالی ٢٠١٤ز، هەولێر.
١٦) بابان سەقزی گاتا-سرووده پیرۆزەکانی زەردەشت، ل١٦.
١٧) محەمەد مەردۆخ مێژووی کورد و کوردستان، ل٥٣.
١٨) بابان سەقزی گاتا، ل٢٣.
١٩) احمد مەحموود الخلیل تاریخ اسلاف الکورد، چ١، ٢٠٠٢ز، هەولێر، چ. موکریان، ل١٩١.
٢٠)بابان سەقزی -گاتا، ل٢٠٨.
٢١)گۆڤاری هاواری نوێ، ژ١٤، ل٦٢ سالی ٢٠٠٦ز، هەولێر.
٢٢)فلک الدین کاکەیی، ڕوناهی زەردەشت، ل٥٤.
٢٣) الشفیع احمد الماحي، الزرادشت والدیانة الزرادشتیة، ل٢٢.
٢٤) مەسعوودی، ل٢٢٩.
٢٥) گۆڤاری هاواری نوێ، ل٦٢.
٢٦) ئەیووب ڕۆستەم، یارستان، چ٢، ٢٠٠٦ز، هەولێر، چ. ڕۆژهەلات، ل٣٠.
٢٧) بابان سەقزی -گاتا٢٠٤.
(٢٨) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، ل٧٩، ١٩٨٤ز. بەغدا، چ. حەوادس.
٢٩) ئەیووب ڕۆستەم، یارستان، ل٨٦.
مجدی کامل-زرادشت، چ١، ٢٠١١ز.دمشق، ل٣٤.
٣٠) بابان سەقزی، گاتا، ل٣٣.
٣١) احمد مەحموود الخلیل، مملکة میدیا، ل٢٨٦، ٢٠١١ز، چ١ هەولێر، چ. ڕۆژهەلات.
٣٢) الشفیع احمد الماحي، ل٢٣.
٣٣) مجدی کامل، ل١٥٧.
٣٤) هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل٣٤.
٣٥) عبد الله مبلخي العباداني، ل٧٨.
٣٦) مسعوودی، ل٢٢٩.
٣٧) محەمەد مەردۆخ، ل٤٦.
٣٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.
٣٩) بابان سەقزی، ل٢٧.
٤٠) مسعوودی، ل٢٢٩.
٤١) عبد مبلخي العباداني، ل٦٢.
٤٢) عبدالرحیم موسوعة الادیان الحیة في العالم، ل١٤٥، دمشق، ٢٠٠٨ز، دار المحبة.
٤٣) بابان سەقزی، ل٢٧.
٤٤) تیموتی لیڤی بیل، و.تەحسین تاهە بەهادیی، چ١، چ. و، ڕۆشنبیری، هەولێر، ل٦ (جەنگە سەلیبیەکان).
٤٥) عبد الله مبلخي العباداني، ل٦٣.
٤٦) فەیس بووکی عادل کاکەیی.
٤٧) بابان سەقزی، ل٢٧.
٤٨) هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
٤٩) محمد أمین زکي، خلاصة تاریخ الکورد وکوردستان - ١٩٣١م، ل٢٧٨.
٥٠) توفیق وەهبی -هاترا، پاشماوەی ئاییینی میترایی لە هاترا -و. شیخ بورهان بەرزنجی، ٢٠١٠ز، چ. ڕۆشنبیری، هەولێر، ل٣٥.
٥١) جورج حبیب الیزیدیة بقایا دین قدیم، ل٣٣.
٥٢) فلک الدین کاکەیی ڕوناهی زەردەشت، ل٦٣.
٥٣) احمد مەحموود الخلیل، مملکة میدیا، ل١٩٢.
٥٤) الشریف احمد الماحي، الزرادشت والدیانة الزرادشتیة، ل٣٦.
٥٥) بابان سەقزی، ل٢٢١.
٥٦) مجدی کامل، ل١٣٤.
٥٧) بابان سەقزی، ل٢٤.
٥٨) محەمەد ئەمین هەورامانی، ل
٥٩) محەمەد امین زکی مێژووی سلێمانی، ل٢٦، ١٩٥١ز، بەغدا.
٦٠) ئیڤانوف پیروانی ڕاستی (اهل هەق) و، ئاسۆ کەریم ٢٠٠٣ز، هەولێر، چ. ڕۆشنبیری، ل٣٥.
٦١) احمد مەحموود الخلیل مملکە میدیا، ل١٩٠.
٦٢) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، ل٨٣.
٦٣) فرانسوا گراڤی لوقا -کوردستان ولاتی خوا، ل١٣٢، سالی ٢٠٠٠ز، هەولێر.
٦٤) بابان سەقزی، ل١٩١.
٦٥) مسعوودی، ل٢٢٩.
٦٦) بابان سەقزی، ل٢٢٠.
٦٧) مجدی کامل، ل١٧٧.
٦٨) بابان سەقزی، ل
٦٩) محمد امین زکي خلاصة تاریخ الکورد وکوردستان، ل٢٨٣.
٧٠) بابان سەقزی، ل٧٩.
٧١) سالح قەفتان، مێژووی نەتەوەی کورد، ل٦٥٦، ١٩٦٩ز، بەغدا چ، سلمان الاعظمي.
٧٢) مجدی کامل، ل١٣٣.
٧٣) هەمان سەرچاوە، ل١٧٥.
٧٤) هەمان سەرچاوە، ل٧٠.
٧٥) عبد الله مبلخي العباداني، ل١٠.